# ئاماژە مەترسیدارەکانی پرسی نەتەوەیی کورد لە عێراق: خوێندنەوەیەک بۆ ماددەی 13 و 14ی بوودجەی وڵات بۆ ساڵانی 2023 – 2025

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**بنەچەی پەتاکە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

هەندێک لە حزبەکانی هەرێمی کوردستان زمانی ژمارە و حاڵەتی سیاسی لە یەکدی جیا ناکەنەوە، یان خۆیان لە گێلی دەدەن! ئەو ژمارەیەی کە لە ماددەکانی 13 و 14 لە بوودجەی عێراقدا هاتووە، هەمان ئەو ژمارانە دەکات کە ئێستا بوونەتە گرفت و پیلانگێڕی دژ بە قەوارەی هەرێم. ئەو ژمارەیە پێش گۆڕینی ناوەڕۆکی ماددەکە کەسێتیی مەعنەوی و قەوارەی هەرێمی بەبەهێزی هێشتبووەوە و بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی هەرێمیش مسۆگەر بوو، بەڵام بەم شێوەیەی ئێستای، هەردووکیان کەوتوونەتە مەترسییەوە. دیارە پێش شایستە داراییەکان، قەوارەی هەرێم بەرەو داڕووخان دەبەن؛ بۆ ئەو مەبەستەیش پلانێکی داڕێژراوە و زۆر ڕۆشنە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. هەر بۆیە زمانی ژمارە هەر ژمارەیە، بەڵام "مەغزا" (ناوەڕۆک)ەکەی چییە، ئەوە گرنگە؛ دەبێ هەندێ حزبی هەرێم دەرکی پێ بکەن زمانی ژمارەکانی هەردوو ماددە دەستکاری کراوە کە هیچ پێگە و دەسەڵاتێکی بۆ هەرێم نەهێشتۆتەوە.

لە لایەکی تریشەوە مەبەستەکە لە هەردوو لایەنی هەرێم و بەغدا زۆر ڕۆشنە، بەوەی ئەگەر قەوارەی هەرێمیش نەمێنێ، یان وەک پارێزگایەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، گرفت نییە؛ هەر زەرەر لە هەژموونی "پارتی دیموکراتی کوردستان" بدات جێی خۆشحاڵییە؛ ئیدی بارودۆخی ئەو قەوارەیە و دانیشتووانەکەی چارەنووسیان چیی لێ بەسەر دێ، گرفت نییە. تەنانەت ئەزموونی دوای شازدەی ئۆکتۆبەر ڕۆشنە؛ لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی کوردی، ئەگەر زۆر سەقەتیش بێ، ئەو ناوچانەی کە خرانەوە سەر بەغدا چییان لێ بەسەر بەڵام ئەو دوو بەرەنجامە دوو مەغزای 4 = 2 x 2 هات. کەواتە مەغزای 2 + 2 = 4، بە شێوەیەکی تریش 2 جیاوازن.

**گرفتەکان بابەتی نەوت و غازیان تێ پەڕاند**

ئەوەی کە ڕۆژی هەینی لە لیژنەی دارایی ڕووی دا، تەواو لەگەڵ قۆناغەکانی پێشتر جیاواز بوو، بەوەی:

- بەجددی و بەپلانەوە کار بۆ نەهێشتنی قەوارەی هەرێم دەکرێ؛ گۆڕەپانی نەهێشتنەکەیش بەهۆی بەکارهێنانی هێزەوە نییە، بەڵکوو ئەم جارەیان لە ڕێگەی پرۆژەیاساکانەوەیە.
- دەرچوون لە دەستوور زۆر ئاساییە؛ هەر لە دیباجەوە و چەندان ماددە، جەخت لەسەر ئەو بابەتە کراوەتەوە.

- لە قۆناغی یەکەم، لاوازکردنی کەسێتیی مەعنەوی و دەسەڵاتەکانی هەرێم بە ئامانج گیراوە، بەوەی هەرێم وەک یەکەیەکی فەرمانڕەوایی لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا ئیعتباری بۆ دانەنراوە؛ هەروەک چۆن ماددەی 117/1 ئاماژەی پێ دەدا.
- هیچ تایبەتمەندییەک بۆ هەرێم بەجێ نەهێڵراوە، کە خودی دەستوور ئەو مافەی پێ داوە؛ تەنانەت لە بواری یاسادانان و جێبەجێکردن و قەزاییش لە ماددەی 121/1 کە مافی خۆیەتی و لەو سێ بوارەدا پیادەیان بکات، لەوەیش زیاتر، ئەوەی کە لەو لیژنەیە دەرچووە، هەرێم بەبێ ئیعتباری خۆی کە هەرێمێکی فیدراڵییە داوای پابەندبوونی لێ دەکەن؛ ئەوەیان بیر چۆتەوە کە دەستوور مافی گونجاندنی یاسایی داوە بە هەرێم بۆ هەر یاسایەکی فیدراڵی، ئەگەر لە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکوومەتی فیدراڵی نەبوو، دەتوانێت لەگەڵ تایبەتمەندیی یاساکانی هەرێم بیگونجێنێت؛ هەروەک لە ماددەی 121/2 ئاماژەی پێ دەدا.
- ئەوەی لیژنەکە گرتوویەتییە بەر، تەواو پێچەوانەی دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان و دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵییە. بەو شێوەیەی کە هاتووە، بە هیچ جۆرێک گەشەسەندن لە هەرێم ڕوو نادات؛ هەروەک چۆن ماددەی 112/1 وەک دەسەڵاتێکی هاوبەش جەختی لەسەر دەکاتەوە.
- هەندێ لایەنی هەرێم، بەتایبەت نوێنەری فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی و نەوەی نوێ، ئەوەندەی لە دژی هەرێم لە بەغدا کار دەکەن، ئەوەندە بەدەم بەرژەوەندییەکانی خەڵکی هەرێمەوە نین. بەڵام ئامانجەکە دیارە؛ هەر زەرەرێك لە حکوومەتی هەرێم بکەوێ، پارتی دیموکراتی پێ لاواز دەبێ؛ بەڵام بیریان چۆتەوە کە جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێم لە حزبەکەی خۆیانە و چەندان جاریش ڕایان گەیاندووە کە قەوارەی هەرێم هێڵی سوورە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە؛ بەتایبەت دوای ئەوەی کە لەسەر بابەتە داراییەکان بەتەواوی لەگەڵ وەزارەتی دارایی هەرێم ڕێک کەوتن.
- ئەوەی ڕووی دا، پرۆسەی سیاسیی هەرێم و پرسی کورد لەسەر ئاستی فیدراڵییەت لە عێراق دەخاتە ژێر پرسیار و هەڕەشەوە؛ ڕێککەوتنەکانی هەرێم و بەغداش بێسوود دەمێننەوە.
- ئاماژە ڕاشکاوەکە لەلایەن هەندێ گرووپ و ڕەوتی شیعیی عێراق بۆ هەرێم ئەوەیە: **ئەگەر پرسی نەوتیش چارەسەر بێ، هەر دەبێ هەرێم نەمێنێ.**

**لە دوو ماددەکەدا هیچ دەسەڵاتێک بۆ هەرێم و سەرۆکوەزیرانەکەی ماوە؟**

بێ گومان نەخێر، بەڵکوو تەواوی کایەکانی هەرێم خراوەتە ژێر ڕەحمەتی وەزارەتی داراییی عێراق و دیوانی چاودێریی فیدراڵی، ئەویش لە چەند ڕەهەندێکدا، بۆ نموونە:

- دیوانی چاودێریی فیدراڵی کراوەتە بنەڕەت و، بڕیاری کۆتاییش هەر خۆی دەیدا؛ ئەوەی بۆ دیوانی چاودێریی هەرێمیش ماوەتەوە تەنیا مافی هەماهەنگیی پێ دراوە لەگەڵیدا. ئەمەیش تەواو پێچەوانەی دەستوورە؛ بەتایبەت ئەو بابەتە دەسەڵاتی هاوبەشە، نەک تاکلایەنە (ماددەی 112 و 114).
- تەواوی داهاتەکانی نەوت و نانەوتی، دەبێ تەسلیم بە بەغدا بکرێن؛ ئەوە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. بەڵام ئەوەی کە لەو دوو ماددەیە بڕیاری لەسەر دراوە و دەستکاری کراوە، هیچ بوارێکی گەش بۆ هەرێم ناهێڵێتەوە و بەردەوام هەرێم لە بەردەم قەیرانی ئابووریدایە و بەشی ناکات تا لێپرسراوێتیی خۆی بەرامبەر هاووڵاتیانی بەجێ بگەیەنێ؛ ئەمەیش پێچەوانەی ماددەی (121/3)ە.

- بڕیاری کۆتایی و تاکڕەوانە دراوەتە دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵی. ئەمەیش پێچەوانەی ماددەی (114/4)ە کە باس لەوە دەکات، هەردوو حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی پلانی گشتی و گەشەپێدان دادەنێن نەک تەنیا حکوومەتی فیدراڵی. لەسەر حکوومەتی فیدراڵییش ئەرکە وەک دەسەڵاتی حەسری (تایبەت)ی خۆی، کە بوودجەیەکی دادپەروەرانە و وەبەرهێنان بۆ تەواوی وڵات دابنێ بەبێ جیاوازی. ئەمەیش لە ماددەی 110/7 بەڕوونی ئاماژەی پێ دراوە.
- کردنەوەی ئەژمارێکی بانکی لە بانکی ناوەندیی عێراق، کە لەلایەن وەزیری دارایی فیدراڵییەوە سەرپەرشتی دەکرێت و ئەو توانای ڕاسپاردەی خەرجکردنی پارەی بۆ سەرۆکوەزیرانی هەرێم دەبێ. ئەمەیش لە هیچ فیدراڵییەتێکی دونیادا نییە کە وەزیرێکی فیدراڵی لە هەرێمێک باڵادەستتر بێ؛ دەبوایە باس لە حکوومەتی فیدراڵ بکرایە نەک وەزیرێک، کە هەر لە سەرەتاوە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمدا ئاسایی نەبووە.
- هیچ جۆرە متمانەیەک بۆ مامەڵە و پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەدی ناکرێت.
- ماددەی 13 و 14 وەک گرێبەستێکی ناچارکەر وایە (عقد إذعان) دەرهەق بە هەرێم.
- ئەگەر تەفسیرێکی دەقەکان بکەین لە تەواوی بڕگەکانی، ئەوە دەردەکەوێ کە بە نەفەسێکی تۆڵەسەندنەوە نووسراون و ئامانج لێی، لەباربردنی حکوومەتی هەرێمە و سەرلەنوێ مامەڵەکردنە لەگەڵیدا وەک پارێزگایەک. ئەمەیش پێچەوانەی ماددەی (116و 117/1 و121)ە؛ هەروەک چۆن لە دێڕی کۆتاییی بڕگەی 9 لە ماددەی 14ی دەستکاریکراوی بوودجەدا هاتووە.

**ئایا هیچ دەرچەیەکی یاسایی بۆ چارەسەری گرفتەکان هێڵدراوەتەوە؟**

ئەوەی کە لەو دوو ماددەیەدا هاتووە، وەڵامەکەی "نەخێر"ە. دیارە مەبەستمان چارەسەری یاساییانە و فیدراڵییانەیە. ئەوە ئەو بوارەیە کە تێیدا نییە؛ تەنیا زیاتر باس لە ڕێوشوێنی کارگێڕی و دارایی کراوە، کە خۆیان مەبەستیانە و دژن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەرێم، وەک: قانون هيئة العامة لضمان حقوق الاقاليم و المحافظات غير المنتظمة في اقليم رقم 26 لسنة 2016، قانون هيئة العامة لمراقبة تخصيص الواردات الاتحادية رقم 55 لسنة 2017، قانون هيئة المنافذ الحدودية رقم 30 لسنة 2016، قانون شركة النفط الوطنية العراقية رقم 4 لسنة 2018، قانون الادارة المالية الاتحادية رقم 6 لسنة 2019.

بەڵام ئەو زیادانەی کە لە هەردوو ماددەی 13و14 کراون، یەک ناگرنەوە و دژن لەگەڵ بڕیاری ژمارە 35ی ساڵی 2021 دادگەی فیدراڵی، کە ئەمە دەقەکەیەتی: إن اضافة نصوص تشريعية من قبل مجلس النواب الى مشروع قانون الموازنة المرسل من قبل مجلس الوزراء يوجب الحكم بعدم دستورية تلك النصوص أذا رتبت اعباءً مالية على الخزينة العامة ومنعت او أعاقت الحكومة عن تنفيذ برنامجها المصادق عليه من مجلس النواب والمعد وفقاً لصلاحياتها المنصوص عليها في المادة 62 من الدستور بأعتبارها المسؤولة عن رسم وتنفيذ السياسة العامة للدولة ومنها السياسة المالية .

بۆ هەمان مەبەست هاوشێوەی ئەو بابەتە دوو بڕیاری تری دادگای باڵای فیدراڵی هەیە لە سەردەمی حەیدر عەبادی و هەمان بەرەنجامی هەبوو و، هەموارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن دادگاوە ڕەت کرانەوە، کە ئەمە دەقەکەی بوو: "لايحق لمجلس النواب إجراء تعديلات جوهرية على مشروع الموازنة المقدم من الحكومة"، ژمارەی بڕیارەکەش 25 لە ساڵی 2012 و بڕیارێکی تری دادگای فیدراڵی تر هەیە بۆ هەمان مەبەست ژمارە 21 ساڵی 2015 و هەمان بەرەنجامی هەبوو لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە. کەواتە ئەگەر ئەو

مافە نەدرابێ تەنانەت بە ئەنجومەنی نوێنەران، ئەدی چۆن لیژنەی دارایی ئەو مافەی بە خۆی دا دەستکاری دەقەکانی پرۆژە یاسای بوودجە بکات، کە لەلایەن حکومەتەوە ئامادە کراوە؟

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە، نەک هەر حکوومەتی فیدراڵ ناتوانێ جێبەجێی بکات، بەڵکوو سەقامگیریی وڵات بەرەو هەڵدێر دەبات. ئەمەیش وەزیفەیەکی جەوهەریی تری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقییە کە دەبێ بیپارێزێ و ئەنجامی بدات. سەرەڕای ئەوەی کە خودی لیژنەکە لە ڕووی ژمارە و سەڵاحییەتەوە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە (لە لایەک لە 23 ئەندامەوە کراوە بە 24 و ئەمەیش بەپێی ماددەی 73ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عێراق دژیەکن)، لە لایەکی تریشەوە لە ڕوانگەی بڕیارەکەی دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراق ئەو زیادکردنە ناچێتە بواری دەسەڵاتەکانی ئەوانەوە.

لە ڕووی کاتیشەوە لە ماددەی 14دا هاتووە کە تەنیا 14 ڕۆژ بە حکوومەتی هەرێم دراوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ. ئەمەیش دوو ڕەهەندی هەیە: لە لایەک ئەوە دەردەخا گرفتەکان دەبێ بە ڕێوشوێنی کارگێڕی چارەسەر ببن نەک یاسایی؛ لە لایەکی تریشەوە هەر پێشوەختە هەرێم تاوانبارە و، ئەو دەبێ چارەسەری ئەمە بکات. بابەتی سزاکەیشی ئەوەیە کە سەرلەنوێ گەڕانەوەیە بۆ بڕیارەکەی "مالیکی" کە دەەستی کرد بە بڕینی شایستە داراییەکانی هەرێم لە 2014دا.

لە پێناو لاوازکردنی پێگەی جەماوەریی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەژموونی لە هەرێم، پەنا براوەتە بەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە قەیران بۆ حکوومەتی هەرێم بنێنەوە. گومان لەوەدا نییە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەسەڵاتەکان لەودا تەعبیر کراون، بەڵام لە هەمان کاتدا حکوومەتەکە ئیئتلافییە و لە چەندان حزبی سیاسیی تر پێک هاتووە؛ لە سەرووی هەموویانەوە "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" و "بزووتنەوەی گۆڕان". ڕوخساری قەیرانانەوەیش لە هەرێم لە سەروو هەموو هەوڵەکانەوەیە: فرۆشتنی 400 هەزار بەرمیل، بەڵام دەبێ تەواوی بیرەکانی شێخان و خۆرمەڵە و چەند شوێنێکی تری لێ دەربکرێ. بە لێدەرکردنی ئەو شوێنانە نزیکەی 53%ی بەرهەمی نەوتی هەرێم نامێنێ. ئەدی هەرێم ئەو 400 هەزار بەرمیلە لە کوێ بەرهەم بێنێ؟ هەر بەهۆی ئەو داهاتی نەوتەوە بووە کە هەرێم چەند مانگە توانیویەتی مووچەی کارمەندانی پێ دابین بکات. بە لێدەرکردنی ئەو شوێنانە و خستنەوە سەر بەغدا، وا لە حکوومەتی هەرێم دەکرێ کە جارێکی تر نەتوانێ هەنگاوی سەربەخۆییی ئابووری بنێ.

بابەتی پاشەکەوتی کارمەندان یەکێکی ترە، کە دەبێتە قەیران بۆ حکوومەتی هەرێم. گەرچی لەسەر حکوومەتی هەرێم پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی و دارایی و کارگێڕی بنێ بۆ گێڕانەوەی ئەو مافەی فەرمانبەران کە لایەتی و لە بارودۆخێکی ناچاریدا ئەو بڕیارە دراوە، بەڵام بەپێی ئەو دەقەی کە لە ماددەی 14دا هاتووە، لە هەمان ئەو بڕە دەردەکرێ کە لەلایەن بەغداوە وەک پشکی هەرێم دێ. ئەمەیش ئاڵۆزییەکی تێدایە لەناو ماددەکە خۆی، کە ئاماژە دەکات بەوەی کە ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە دەنێردرێتە هەرێم، بەرامبەر ئەو خشتەیە لە پێداویستی کە هەرێم هەیەتی و لە بەرامبەردا حکوومەتی فیدراڵ بەپێی ماددەی 121/3 داهاتی بۆ دەنێرێ. پرسیارەکە ئەمەیە: ئەگەر دابینکردنی ئەو بڕە پارەیە لە خشتەی پێداویستییەکان تۆمار نەکرابێ، دەبێ حکوومەتی هەرێم هەر لەسەر حیسابی پارەی فەرمانبەران یان پرۆژەکانی گەشەسەندنەوە بۆی خەرج بکات، کە ئەرکی دانانی پلان بۆ گەشەپێدانی هەرێمەکان لە دەسەڵاتە هاوبەشەکانە بەپێی ماددەی 114/4. لە لایەکی تریشەوە تەبەنیکردنی ئەو بڕگەیە لە ماددەی 14، لە ناوەڕۆکدا بێبەریکردنی حکوومەتی فیدراڵی عێراقە لەو بارودۆخە نالەبارەی کە بەسەر مووچەخۆرانی

هەرێمدا هاتووە لە 2014 – 2023 و، تاوانبارکردنی حکوومەتی هەرێمە لەو بارودۆخەی کە هاتۆتە ئاراوە، ئەمەیش بە ناڕاستەوخۆ ئەوەمان پێ دەڵێت کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان مافی داواکاریی نییە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو پارەیەی کە دەبوو حکوومەتی فیدراڵی بیداتە هەرێم وەک شایستەی دارایی بەپێی دەستووری عێراق، چونکە بە ڕای ئەوان هۆکارەکەیشی سیاسەتی ئابووریی خراپی هەرێمە، نەک بڕینی شایستە داراییە دەستوورییەکانی هەرێم لەلایەن بەغداوە.

**پوختەی قسان ئەوەیە کە:**

- پلان لە دژی حکوومەتی هەرێم بۆ لەباربردنی گەیشتۆتە لووتکە؛ لەم قۆناغەدا لە ڕێگەی یاساوە بەڕێوەیە.
- ئەوەی کە کراوە هەمووی دژی حکوومەتی هەرێم نییە، بەڵکوو ناکۆکییەکانی ناو "چوارچێوەی هەماهەنگی"یە و هەواگۆڕکێکەی لە هەرێمەوە دەرچووە بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، کە تا ئێستا حاڵەتی وا ئەرێنیی بەخۆیەوە نەبینیوە.
- هەندێ لایەنی ناوخۆی هەرێم کە دەنگیان بۆ دەستکاریکردنەکە داوە (وەک هەندێ ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی لە بەغدا)، بەڕاستی چوونەتە بەرەیەکی دژ بە خەڵکی هەرێمی کوردستان و بژێویان خستۆتە مەترسییەوە.
- پلانگێڕان لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگەی لەباربردنی قەوارەی حکوومەتی هەرێمەوە کارێکی دروست نییە. ئەگەر نیاز هەیە بۆ نەهێشتنی هەژموون و قەڵەمڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستان، با لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە بێ، چونکە 16ی ئۆکتۆبەر ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە بە لەدەستدانی حکوومەتی هەرێم، چی بەسەر گەلی هەرێمی کوردستان دێت.
- دەبێ سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی و هەردوو بەڕێزان کاک بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانی و کاک قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیران هەڵوێستی نیشتمانپەروەرییان بەرامبەر ئەو بابەتە هەبێ و تەحەکومی تێدا بکەن؛ چونکە لەباربردنی هەرێم واتە لەباربردنی پرسی کورد لە عێراق و لەدەستچوونی تەواوی ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هێنراون و، خودی بەڕێز "سەرۆک مام جەلال"یش خۆی پشکی شێری هەبووە لەو خەباتە بۆ پرسی کورد لە بەغدا. بەپێچەوانەوە کارەسات بەڕێوەیە!
- **پێویستە لە نزیکترین کاتدا** هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکە کۆ ببنەوە و یەکهەڵوێستی و یەکبڕیاری و یەکڕیزییان بۆ پرسی کورد لە بەغدا دەرببڕن.
- **پێویستە سەرۆکی هەرێم** بۆ ئەو بابەتە کۆبوونەوەیەکی لووتکە بۆ حزبە سیاسییەکان لە نزیکترین کاتدا بۆ هەردوو بابەتی هەڵبژاردن و بوودجە ساز بدات.
- گرفتەکە دژی هەرێمە نەک حزبێکی دیاریکراو؛ ئیدی پێویست ناکات بکرێتە بازرگانییەکی ناوخۆیی؛ هەرچەندە دوو ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی لە بەغدا دەستیان لەو بابەتەدا هەیە و، تا ئێستایش یەکێتیی نیشتمانی ڕای نەگەیاندووە کە ئەوەی کراوە سیاسەتی حزبەکەیانە دژ بە حکوومەتی هەرێم. ئەو دوو ئەندامەیش زیاتر ژمارەیان بەلاوە گرنگ بووە، نەک مەغزا و مەدلوولی ئەو ژمارە و بڕگانە. ئەمەیش قابیلی پێداچوونەوەیە.

- ئەوە مەیدانێکی یاسایی و کارگێڕی و دەستوورییە؛ با یاساناسان ڕۆڵی جددی بگێڕن و تەواو لێکۆڵینەوە بکەن، نەک تەنیا لێدوانی سیاسی بدەن.
- **پێویستە کورد پێشوەختە** بیر لە گرفتەکانی بکاتەوە لەگەڵ بەغدا، نەک کاتی خستنەڕووی گرفتەکان.
- **دەبێ کورد ڕێگری بکات** لە سازدانی دانیشتنی پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی بوودجە، بۆ ئەوەی گەرەنتیی تەواوی نەبێت. چونکە دوای پەسەندکردنی لە پەرلەمان، بەپێی ئەزموونی کورد لەگەڵ دادگەی فیدراڵی، هیچ گەرەنتییەک نییە کە دادگە بابەتییانە کێشەکە یەکلایی بکاتەوە.
- جەختکردنەوە لەسەر هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، کە پێشتر ڕێککەوتنێکی لەگەڵ هەرێم هەبووە و، هەر دەبێ ئەوەیش بکرێتە پێوەر بۆ پشکی هەرێم لە بوودجە.
- **دەبێ سەرکردایەتیی کورد باش لە ئاسەواری پەسەندکردنی ئەو دەستکارییانەی ناو بوودجە تێ بگات، کە تەنیا بۆ ئەمساڵ (2023) نییە کە تەنیا شەش مانگی ماوە، بەڵکوو ئاسەوارەکەی تا سێ ساڵی تر بەردەوام دەبێ؛** چونکە خودی پرۆژەیاساکە بۆ ئەو سێ ساڵەیە. ئەگەر وەک ئەوەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە بڕوا، کارێکی ئەرێنییە بۆ سێ ساڵی داهاتووی هەرێم، لەسەر هەردوو ئاستی پەیوەندیی سیاسی و ئابووری لەگەڵ بەغدا.